رۆژنامەی حیزبی کومونیستی کریکاری چە پی عیراق

ژمارە ی دووەم – سالی یەکەم



# بەرەو سۆشیالیزم

## هەلبژاردنی دیمۆکراتی لە عیراق یان سیناریۆی گاللتەجاری



ئازاد حەمە کەریم

بریار وایەدوای کەمتر لەدوو مانگی تر هەلبژاردنی سەرتاسەری لەعیراق ئەنجام بدری . ئەوەی کەئەم هەلبژاردنە دەتوانی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنری هیشتا جیگای گومانە. سەرەرای ئەوەی کە قسەکەرانی رەسمی ئەمریکی وحکومەتی کاتی عیراق بەردەوام رایدەگەیەنن کە هەلبژاردن دوا ناخری. لە وولاتیك دا کە{ ئار بی جی } بەشان و {بی کەی سی }بە دەست سەر جادەکانیان گرتووە ودەستریژی گوللە سەر دلی پیرو جوان دەسمی .لە وولاتیك دا کە فرۆکەکانی ئەمریکا بالاخانەی چەند نهۆمی بەسەر خەلك ی بی تاواندا دەروخینن. لەوولاتیك دا کە بەبەر چاوی کامیراوە ئینسان سەردەبرن ,دیل گوللە باران دەکەن. لە جیگایەك دا کەرۆژ نی یە دەیان و سەدان کەسی مەدەنی و بی تاوان نەبنە قوربانی کارە خۆکوژی وئوتومبیلە مین ریژ کراوەکان. لەمەملەکەتیك دا کە تەنها لەبەر ئەوەی کوردیت دوای کوشتن تەرمەکەشت دەسووتینن, لەبەر ئەوەی سەربە مەزهەب و دینیکی تری و بروات بە خورافەیەکی تر هەیە جەستەت ئەنجن ئەنجن دەکەن, لەبەر ئەوەی ژنیت هاتنەدەرەوە بەتەنها بۆت دەبیتە مجازەفەیەکی گەورە. لەوولاتیکدا کەئینسانەکانی نازانن کەی؟

بو لاثقرة 3

بەلَص، بؤ سةربةخؤصي كوردستان!

سمير نوري



بو لاثقرة 2

بژی سوسیالزم

## لیستی ژمارە ( 1 ) سلیّمانی

بەدوای ڕوداوەکانی ناوحیزبی کۆمۆنیستی کریّکاری ئیّراندا لەلەیەن باڵی ڕاستی کۆرشی مودەرسیەوە لەئیّران ولەعیراق باسی ئەوەیان هیّنایە پیّشەوە کەهاوڕێ حەمیدی تقواى و حیزبی کۆمۆنیستی کریّکاری ئیّران لەکۆمۆنیزمی کریّکاری و خەتی هاوڕێ منسور حکمت وەرچەرخاوە .

ئیّمە کۆمەڵیّك لە هەڵسوڕاوانی کۆمۆنزمی کریّکاری لەشاری سلیّمانی بە پیّچەوانەی هەرجۆرە تبلیغاتیّکی لەم جۆرەوە هەڵوێست دەگرین و پیّمانوایە حیزبی کۆمۆنیستی کریّکاریی ئیّران کە حیزبی ( دایك )ە ڕاستەوخۆ وارسی منسور حکمەتە و ئاڵا هەڵگری شۆڕشی سۆسیالستیە .

بو لاثقرة 3

## پەیوەستبونی پۆلیکی تر لەکۆمۆنیستەکان لەشاری سلیمانی بەریزەکانی حیزبەوە پیشوازی لی دەکەین

هاوری یان : رییین فاروق ،سەرداری دەلاك . ،نامیق رەشید ،بەکر علی ،بەهادین ی خەیات ،کاوان عمر ،شالاو حکمەت. لەبایانصکدا کە بە تاریخی 6 \ 12 \2004 پەیوەندی خۆتان بەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عیراقەوە راگەیاندبو بەدەستمان گەشت و، پیرۆزبایی تان لی دەکەین ولە قولایی دلەوە بەخصر هاتنتان دەکەین.

هاوری یان ، ،دنیای بی زولم وچەوسانەوە،دنیای دور لە هەر جۆرە هەلا واردنصك، دنیایەك کە ژنان ،مندالان ،لاوان تەواوی ئنسانەکانی کۆمەلگا ژیانیکی شایستەی انسان بەسەربەرن تییدا، دنیایەك دور لە خورافەی مەزهەبی، بەش بەش کردنی انسانەکان لەسەر ئەساسی میلەت ،دین ،رەنگی جیاواز ،هەلاواردنی جنسی ، ..........

بو لاثقرة 3

### لەم ژمارە دا

ئەو ئازادیيانەی لە کوردوستاندا بەرقەرارن , کامانەن ؟.....................ل4

.........ل7

## ازادی یەکسانی حکومەتی کریکاری

ئاشماوەي ........سەرووتار

## پاشماوەی ......هەلبژاردنی دیمۆکراتی

لەکوی؟وبەچ شیوەیەك دەکوژرین؟ لەکاتی راوەستان لەریزی ناونوسین دا بۆ بوون بەپۆلیس یان لەکاتی تەوقەکردن وجەژنە پیرۆزەدا؟ لەمالەکەی خۆت دا کاتیك لەگەل منالەکانتا دانیشتوویت یان لەمزگەوتیك دا بەدیللی گوللەیەك دەنین بەسەرتەوە؟ سەر بەریکخراویکی خیر خوازیت,رۆژنامەنووسیت,کریکاری سەر بەکۆمپانیای ئاوەدان کردنەوەیت ,ولەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامیەوە رفینراوی,وپاش ووردوو خاش کردنی کەرامەت وشەخسییەتی ئینسانیت دوای چەند هەفتە تەرمەکەت لەسەر جادە یان بە هەلواسراوی بە پردیکی ناوەراستی شاردا بەشیوینراوی دەدۆزنەوە , یان هەر کچیکی تەمەن چواردە سالیت ولەبەر ئەوەی تەلەفۆنی مۆبایلت هەیە بەئاشکراو بەرۆژی روناك بەدەستی براکەت دەتکوژن ولاشەکەت فری دەدەنە ناو زی یەکەوە. ئەمانە گۆشەیەکی بچووك لەتراژیدیای ئەو وولاتەیە کەدەخوازن هەلبژاردنیکی{دیمۆکراتی} تیا ئەنجام بدەن. ئایا کۆمەلگایەك ئەمە باری ئاسایشی تاکەکانی بیت دەتوانری هەلبژاردنیکی تیا ئەنجام بدری و ئەو هەلبژاردنەش ناوی {دیمۆکراتی}بیت؟ حیزب و لایەنە بەشدارەکانی ئەم هەلبژاردنە□دیمۆکراتی یە □ کامانەن؟ گوایە زیاتر لە سەد حیزب و لایەن بریارە لەم هەلبژاردنەدا بەشدار بن. حیزب و لایەنە بەشدارەکانی ئەم سیناریۆیە کە ناویان ناوە هەلبژاردن هەر ئەوانەن کەکۆمەلگای عیراقیان دووچاری ئەم سیناریۆ رەشە و ئەم کوشت وکوشتارە کردووە. بەشیك لەم حیزب ولایەنانە ئەو قەوم پەرستانەن کەدەیانەوی عیراقی ئایندە لەسەر بنەمای قەوم و میللەت و نەتەوە دابەش بکەن وپیناسەی قەومی بەسەر ئینسانەکانیدا داسەپینن وبەم پیودانگەش هەر کەس ئازا بیت بەشیکی زۆرتر بۆ خۆی بەدەست بینی و تادەشتوانی وبۆی دەکری ماف وحورمەتی ئەوانەی لەخۆی جیاوازن پیشیل بکات. بەشیکی تریان هیزە کۆنە پەرست ودواکەوتووەکانی ئیسلامین بەسوننەوشیعەو توندرەوو میانەرەووە کە خوازیاری ئەوەن ئینسان لەسەر ئینتیمای دینی و مەزهەبی دابەش بکەن و دۆزەخ بۆ نەیارەکانی خۆیان دا بخەن. بەشیکی تریان ئەو سەرۆك خیل و قەبیلانەن کە دەیانەوی خیل و عەشرەتەکانیان جیگە و ریگەی خۆیان هەبی و پیوانەشیان بۆ عیراقی ئایندە هەر لە سەر ئەم بنەمایەیە. بەلای ئەم حیزب ودەستەو تاقمانەوە کە بریارە چارەنوسی خەلکی عیراق دیاری بکەن ئەوە گرنگ نی یە کە چوار ملیۆن ئینسانی کورد زمان دەیانەوی لەعیراق جیابنەوە و, هەربەوریگە{دیمۆکراتی}یەی کە خودی ئەم هیزو تاقمانە دەهۆلی بۆ دەکوتن کەچی وەلامیان بەهەرەشەو لە خویندا گەوزاندن دەدەنەوە. ئەم سیناریۆ گالتە جاری یەی ناویان لی ناوە هەلبژاردنی {دیمۆکراتی}هیچ نی یە بیجگە لە شەرعی یەت دان بە وەزعی مەینە تباری ئیستا. ئەم هەلبژاردنە هیچ نی یە بیجگە لە قوولکردنەوە و ئەستوور کردنی رق و کینەی قەومی ودینی و مەزهەبی. سەرۆك خیل وئەو {روناکبیرە}زۆربەریزانەی لە پانیلە تەلەفزیۆنی یەکاندا بە چەند سەعات چەلەحانی دەکەن , تاسەرانی حیزبە قەوم پەرستە رەنگاورەنگەکان , تاسەرانی شیعە مەزهەب و سوننی مەزهەب ,تائەمریکاو بۆش و بلیر هەموو لە سەر ئەنجامدانی ئەم سیناریۆ گالتەجاری یە هاو ران. لەئەمریکا کاندیدەکان بە نوینەرایەتی وویلایەتەکان وشارو شارۆچکەکان خۆیان هەلدەبژیرن نەك بە نوینەرایەتی رەش پیست وسپی پیست و کاسۆلیك و پرۆتستانت , دەبی ئەمریکا چەند جۆری تری هەلبژاردن لەهەگبەکەیدا بی بۆ ناوچەجیا جیاکانی دنیا. ریگای رزگاربون لەسیناریۆیەکی رەش کەکۆمەلگای عیراقی داگرتووە لە پیش هەر شتیکدا وەدەرنانی هیزەداگیرکەرەکانی ئەمریکاو دەست کۆتا کردنی ئیسلامی سیاسی وهیزو دەستەوتاقمە تیرۆریست وکۆنە پەرستەکانە لەژیانی خەلك ,دابینکردنی ئاسایش وئارامی یە. ئەو کاتە قسەکردن لە هەلبژاردن دەکری مانایەکی هەبی...

## پاشماوەی ......لیستی ژمارە ( 1 ) سلیمانی

وە پیماوایە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عیراق لەعیراقدا نوینەرایەتی هەمان خەت و سیاسەتە بۆیە پەیوەست بونی خۆمان بە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عیراقەوە رادەگەیەنین بەئومیدی هەرئیستا سۆسیالزم .

1- رێبین فاروق لە تشکیلاتی گەڕەکی ئازادی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

2-سەردار ی دەلاك

3-نامیق ڕەشید کەریم

4-بەکر علی

5- بەهادین ی خەیات

6- کاوان عومەر قادر

7- شالاو حکمەت

## پاشماوەی ...... پەیوەستبون

دنیایەك کە کار تییدا تعبیرە لەتواناو خەلاقیەتی انسانەکان و ستەم و نابەرابەری چینایەتی بکاتە دیاردەیەکی ناچیزو قابیلی قبول نەبون لەکۆمەلگاداو لەرەگەوەدەری بینی ،تەنهاو تەنها بەئیمە کۆمۆنیستەکان ودامەزراندنی سۆشیالیزم وەدەست دی،وە گەشتن بەو دنیایە حیزبی سیاسی پان و پۆری کۆمەلایەتی دەوی ،کە بەهیواین حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عیراق بکەینە ئەم ئامرازە چالاکەو بەرەو سۆشئالیزم ودامازراندنی دنیایەکی باشتر لەدەوری کۆبینەوە .

پەیوەندی کردنی ئیوە بەریزەکانی ئەم حیزبەوە ،لەلایك پی داگری یە لەسەر بیرو باوەری سۆشیالیستی تان و گە شتن بەو دنیایە و لەلایەکیش ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرصیکاری چە پی عیراق بەهیزتر دەکات.

سەر کەوتو بن

پیکەوە بەرەو سۆشیالیزم

بژی سۆشیالیزم

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عیراق

هەیئەتی تەنفیزی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چە پی عیراق

2004\12\6

# نا بۆ تيرۆريزمي ئيسلامي نا بۆ تيرۆريزمي دەوڵەتي ئەمەريكا

## بەرەو سۆشیالیزم

رۆژنامەی حیزبی کومونیستی کریکاری چە پی عیراق دەری دەکات هەمو دوو هەفتە جاریك دەر دەچیت

سەرنووسەر : سمیر نوری

بەرێوەبەری نووسین: بژاری شاعر

مونتاژ: صباح ابراهیم


# ئەو ئازادییانەی لە کوردوستاندا بەرقەرارن , کامانەن ؟

هەر کەسێك وورد بیینانە سەرنج بدات و ڕاستگۆیانە دەربارەی دەستەبەر بوونی ئازادییەکان لە کوردوستاندا بدوێت , ئەوا ئەگەر ڕاگوزاریش بێت دەتوانێت کـۆمـەڵـێـکـی بـەرچـاویـان یەکسەر لیٚ دەست نیشان بکات . لە کاروباری ئایینی و هەرچی زیاتری بردنە پێشەوەیدا لە ناو کۆمەلاٚنی خەڵکدا نەك هەر ڕێگرییەك لە ئارادا نییە بەڵکو هـەردوو حـوکـومـەتـەکـەی پارتی و یەکیەتی وەکو بەشێکی جیا نەکراوەی دەسەلاٚتیان و وەکو ڕاگـرتـنـی ئـامـڕازێـکـی سەرکوتگەری هێجگار گرنگ لە هەموو جۆرە پشتیوانییەك بەهرەمەندیان کردووە . مزگـەوت کردنەوە , دەرس گوتنەوەی ئایینی , بڕینەوەی مووچەی مانگانە بـۆ مـەلاکـان , تـەرخـان کردنی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆیان , تـەنـانـەت ڕێـگـەدان و بـەهـێـز کـردنـی حـزبـە سیاسییەکانیان ( حزبی ئیسلامی سیاسی ) , ژمارەیەکی بچوکن لەو یارمەتی و پشـتـیـوانـی کردنەی کە یەکیەتی و پارتی لە مەیدانی ئایین پەروەرییاندا نوواندوویانە و دەینوێـنـن . کۆبوونەوە کۆتایی پیٚ نەهاتووەکانی خێرا خێرای ئەم دوو دەسەلاٚتە لـە گـەڵ سـەرۆك و نوێنەری خێڵەکاندا و ناساندن و داسە پاندنی هەموو ڕۆژەی ئەم خێلاٚنە بە سەر جەماوەردا و کۆمەك کردنی ماڵیی پێیان و چەك پـێـبـەخشـین و مـوتـوربـە کـردنـیـان بـە هـێـزی پێژمەرگەیانەوە , لایەنێکی تری خزمەت گوزاری ئەم دوو حزبەیە بۆ زیـنـدوو کـردنـەوە و پاراستنی جۆرێکی تر لە کـۆنـە پـەرسـتی . ئـەڵـبـەتـە لـەم دوو مـەیـدانـە جـیـاوازەدا پەیڕەوکەرانی خێلاٚیەتی و ئایین , نە درێغییان کردووە لە پیادە کردنی مەرامە سـیـاسـی و کۆمەلاٚیەتی و ئایدۆلۆژییەکانیان و نە لە هەوڵی بە دەست هێنانی دەسـتـکـەوتـی تـازە و خۆسە پاندنی زیاتردا ڕاوەستاون . ئەم ئازادییانەی کە لە کوردوستـانـدا بـۆ بـە ئـە نجام گەیاندنی چالاکییە ئایینییەکان و پەیوەندییە خێلەکییەکان بەرقەرارە , جگە لـەوەی کـە کەموکووڕی نییە , بە زیادیشەوە خراوەتە خزمەتی ئەندامـەکـانـیـانـەوە . بـێـگـومـان بـۆ مەسەلەی کوردایەتیش پێویست ناکات باسی هەبـوونـی ئـازادی بـکـەیـن بـۆ هـەڵـسوڕاوە جۆراوجۆر و زۆر و زەبەنەکانیان , چونکە دەسەلاٚتی سیاسی هەرێمی کوردوستان دەمێکەیە بۆ ئەوان پاوان کراوە . ئازادی لە کوردوستاندا بەرقەرارە بۆ هەرکەسێك دابونەریت

بپارێزێت , کاری سیاسی نەکات , نارەزایەتی دەرنەبڕێت لەو بارودۆخەی دەسەلاٚت دارێتی کوردایەتی سازاندویەتی , ئالاٚی دواکەوتن هەڵکات , زەبروزەنگ لە بەرامبەر ژندا بە کـار بێنێت , باخەڵ لە ڕەنجی خەڵك پڕ بکات , یان سیاسییەکی چالاکی ناو سێگۆشەی خـێـڵ و ئایین و کوردایەتی بێت . ئەوانەی کە لە کوردوستاندا ناتوانن لە ئازادییەکان بەهرەمـەنـد بن و لوولەی تفەنگیان تیٚ دەکەن ئەو کۆمۆنیستانەن کە داوای یەکسانی نێوان ژن و پیاو , ئازادی بیٚ قەیدوشەرتی سیاسی , دامەزراندنی حوکومەتێکی سکۆلار دەکەن . بۆ ڕاستـەوانـە کردنەوەی ئەم بارە پێچەوانەیە هاتنە مەیدانی کۆمەلاٚنی کرێکار و زەحمەتکێش و

دامەزراندنەوەی دەسەلاٚتی شوورایی‌یان هێندە پێویستە کە خەریکە درەنگ دەبێت . بۆ ئـەوەی ئەو ئازادییانە لە کوردوستاندا بەرقەرار بن کە شیاوی مرڤی چەوساوە و فاکتـەری چـوونـە پێشەوەی کۆمەڵگا بێت , ئەرکی سەر شانی هەموو ئینسانێکی کۆمۆنیست و ئازادی خوازە کـە بانگەوازی دامەزراندنەوەی دەسەلاٚتی شووراکان بکاتەوە لە کوردوستاندا بۆ هێـنـانـە سـەر کاری حوکومەتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی و غەیرە دینی .

بژار 10-12-2004



## ئە نجومەنی مارکس

### لە کەنەدا بەرپادەکرصت

### بابەت

تویژینەوەی تیئۆری مارکسیستی و کۆمۆنیزمی کرصکاری سەبارەت بە شۆڕش، دەسەلاٚتی سیاسی ،و سۆشیالیزم

**( حیزب وشۆڕش )**

**قسەکەر:حەمید تەقوایی**

کات: یەك شممە 26/12/2004، کاتژمصر9پاش نیوەڕۆ کاتی بەغدا

ذوري: Iran,anjoman marx , Ba hamid taghvaee

ژمارە ی تەلەفۆن: 0114167379500

ئەم بەرنامەیە راستەو خۆ لە ڕصگەی پاڵتاکەوە بلاٚو دەبصتەوە ئەدرەسی پاڵتاك:

طروتيLanguage/nationality

تیبینی: ئەم بابەبەتە بە زبانی فارسی پصشکەش دەکرصت

ضاودَيري بةرنامةي
تةلةفزيوني سةتةلايتي
"يةك دنياي باشتر"
بكةن، كة بةم زوانة
دةست بةكار دةبيَتَ

# بژی جمهوری سۆشیالستی